# کۆڕی ڕێزلێنان و چلەی ماتەمینی خوالێخۆش بوو کاک ئازاد صائیب

**ڕاگەیاندنی یانەی کوردی "میدیـــا"**

**ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2010/02/07 لە هۆڵی یانەی "میدیـــا"شاری ئەمستردام کاژێر 13:00 تا 15:00 بە ئامادەبوونی هاوڕێیان و دۆستانی خوالێخۆش بوو، وەک ئەمک و وەفایەک بەرانبەر بە دڵسۆزی و خۆشەویستی کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی خوالێخۆشبوو (کاک ئازاد صائیب)، کۆڕێکی ڕێزلێنان و چلەی ماتەمینی بۆ ساز کرد.**





**کاک (ئازاد صائیب) لە خانەوادەیەکی ناسراو و ناودار و کوردپەروەری شاری سلێمانییە، کوڕی نوسەر و چیرۆکنوسی ناسراوی کورد(جەمیل صائیب)ە، کە خاوەنی یەکەم چیرۆکی کوردیە بە ناونیشانی (لە خەوما) و لەسالانی بیستی سەدەی ڕابردوودا بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەدا بڵاو کراوەتەوە.**
**سەرەتای کۆڕەکە لە لایەن سەرپەرشتکاری "میدیـــا"ی ئەمستردام سەردار فەتاح ئەمین مەراسیمیەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی خوالێخۆش دەستی پێکرد و مەبەستی ئەم ڕێزلێنانەی ڕوونکردەوە، کە تەنها خۆشەویستی و کەسایەتی کاک ئازاد خۆی وای لێکردین ئەم ڕۆژەی بۆ تەرخان بکەین. کاک ئازاد چەند ساڵێک وەک پەناهەندە لە هۆڵەندە لە شاری دیڵفت دەژیا و لە پاش ڕوخانی ڕژێم بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و بە داخەوە ڕۆژی 01-01-2010 بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و داخێکی بە سوێی نا بە جەرگی هاوڕێ و برادەرەکانیدا، ناوبراو کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی کورد و ڕوناکبیرێکی خۆشەویست و دەگمەن بوو، ئەندام و دۆستێکی هەمیشەیی ڕێکخراوی "میدیـــا" بوو، ئەو چەند ساڵەی لە هۆڵەندە بوو، لە هەموو کۆڕوکۆبونەوەکاندا و لە زۆربەی چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە و ڕێکخراوە کوردیەکانی دیکەدا ئامادە دەبوو، ڕێزی زۆری لە هاوڕێکانی دەنا، بە تەمەن و گەنج و لاو برادەری بوون. کەسایەتییەکی ژیر و بە ویقار و دڵسۆز و خۆشەویستی ناو دۆست و هەڤاڵەکانی بوو.**
**پاشان کاک گۆران حەسەن عەنبەر خان، وەک کەسێکی نزیکی خانەوادەی کاک ئازاد خەرمانێک لە خەبات و ژیانی خوالێخۆشبووی گێڕایەوە و وتی:**
**کاک ئازاد صائیب لە ڕۆژی 28-01-1936 ،لە شاری سلێمانی لە بەرهەمی دوو خانەوادەی مرۆڤ دۆست و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئەهلی قەڵەم هاتۆتە دنیاوە. لە باوکانەوە کوڕی بەڕێز و ناودار نوسەری ناسراو (جەمیل سائب)ی خاوەنی یەکەم چیرۆکی نوسراوی کوردییە و کە خوشکەزای شاعیری ناوداری کورد (پیرەمێرد)ی نەمرە.**




* له دایکیشه‌وه سه‌ر به بنه‌ماڵه‌یه‌کی خوێنده‌وار و زانست دۆستی ئه‌و سه‌رده‌مه، خانه‌واده‌ی (عیرفان)ه، خوالێخۆش بوو په‌روه‌رده‌ی ده‌ستی نه‌ک دایکێکی خوێنده‌وار به‌ڵکو ئاشنا به چه‌ند زمانێکی دراوسێی گه‌لی کورده. ئه‌م فاکته‌رانه و زۆری دیکه بوونه‌ته هۆی ئه‌وه‌ی ره‌گێکی پته‌و که‌سایه‌تیه‌کی به‌هێز بۆ خوالێخۆشوو دروست بکات، ناوبراو بۆ تێگه‌یشتن و هه‌موارکردن له هه‌موو جۆره بیروبۆچوونه جیاوازه‌کان له ژیانی خۆیدا بۆ فراونکردنی ئاستی رۆشبیری و پشت به‌ستن بۆ به‌رێوه‌بردنی ژیانی پاش ته‌واوکردنی خوێندنی سه‌رتایی و ناوه‌ندی و ئاماده‌یی، چۆته کۆلێجی بازرگانی و ئابوری له شاری به‌غدا، به‌ڵام به‌رده‌وام نابێت و بۆ خوێندنی کۆلێجی کشتوکاڵ (به‌شی توتن) ساڵی 1954 روو له تورکیا ده‌کات، به سه‌رکه‌وتوویی خوێندن ته‌واو ده‌کات و پسپۆری له بواره‌که‌ی خۆیدا په‌یدا ده‌کات، پاش گه‌رانه‌وه‌ی تووشی خزمه‌تی سه‌ربازی ده‌بێت و ده‌کرێت به ئه‌فسه‌ر له سوپای عێراقدا، پاش به‌رپابوونی شۆرشی ئه‌یلول به ژیانی سه‌ربازی رازی نابێت له 15-11-1961 و خۆی ده‌گوازێته‌وه بۆ ئینحساری توتن له سلێمانی و ده‌بێت به ئه‌ندازیاری (تنقیح) پاش ماوه‌یه‌ک ده‌گوێزرێته‌وه بۆ کارگه‌ی جگه‌ره‌ی سلێمانی و وه‌ک پسپۆری توتن ده‌ست به‌کار ده‌بێت.




*ساڵی 1962 ژیانی هاوسه‌ری له‌گه‌ڵ خاتو جوان پێک دێنێت، کچێک و دوو کور به ناوه‌کانی (ڤیان، میران و ئالان)ه‌وه به‌رهه‌می ئه‌م هاوسه‌رگیریه ده‌بێت. به‌هۆی باری رامیاری کوردستان و ناله‌باری بارودۆخی کورده‌وه، جۆره‌ها په‌ستان که‌م وزۆر له‌سه‌ر هه‌موو خانه‌واده‌یه‌کی کورد هه‌بووه له عێراقدا، خوالێخۆشبوو ئازاد سائیب له‌و نه‌هامه‌تی و گوشارانه بێبه‌ش نه‌بووه، به‌ڵام هه‌رگیز چۆکی دانه‌داوه و هه‌میشه به‌ره‌نگاریان بۆته‌وه، ئه‌گه‌ر چی ئه‌ندامی هیچ حیزب و پارتێکی سیاسی کورد و عێراقی نه‌بووه، به‌ڵام که‌سایه‌تییه‌کی به هه‌ڵوێست و پته‌و و باوه‌ر به‌خۆ بووه و سه‌رسه‌ختانه کاری له پیێناوی مرۆڤایه‌تی و کوردایه‌تی دا کردووه و تێکۆشاوه، هه‌میشه به‌ره‌نگاری هه‌موو په‌ستانێکی کردووه، که

کەوتۆتە سەر میللەتەکەی و  هیچ چێژ و خۆشیەک و ماڵی دنیا بەرژەوەندییەکی تایبەتی لە خشتەی نەبردووە، سەروەری و بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلەکەی لە پێش هەمووماڵێکی دنیاوە.. داناوە.
* خوالێخۆش بوو مرۆڤ دۆست بوو تا ئەو ڕادەیەی، سەنگی ئەو مرۆڤ دۆستییە یەکسان بوایە، خۆ بەزلزانی و بە کەمزانی بە لاوە نەنگی و نابەجێ بووە، لە منداڵەوە بۆ پیر لە دەوڵەمەند و هەژار و  شا و گەدا، بە یەکچاو سەیری کردوون، لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا هەمووی وەک یەک مامەڵەی دەکردن و کەسی لەوی تر بەڕووی پەرستگا نەدەزانی، بەهاو مێژووی مرۆڤایەتی بە لاوە زۆر گرنگ بوو، هەمیشە پەرۆشی ئەوە بوو، کە مرۆڤایەتی بۆ پارە و ماڵی دنیا کەسایەتی خۆی لە دەست نەدات و سەر نەوی نەکات، لە بەرانبەر ئازادییە گشتییەکانیدا، هەر بۆیە دەست و دڵی زۆر فراوان بوو، ئەگەر هەرچی هەبووایە حەزی دەکرد، هەمیشە کەسێکی پێ ئاسوودە بکات.





* خوالێخۆشبوو سەرتای ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو بەڕێوەبەری پسپۆڕی بواری کشتوکاڵ دەبێت، وەک کارەکەی شوێنێکی هەستیاری دەبێت و وەک ئەوەی براگەورەی جوانەمەرگ کاک(شازاد سائیب)ی ڕەحمەتی دەبێت، کە ئەوکاتە لەدەرەوە دەبێت، زیاتر چاوی ڕژێمی لەسەر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، حیزبی بەعس چەند شەڕەنگێز بووە بەرانبەر بە کورد و لە هەموو هەڵسوکەوتێکی کورد بە گومان دەبێت.. ئەو کاتە ئەمینداری گشتی کشتوکاڵی ناوچەی بە ناو حوکمی زاتی سەردانی فەرمانگەکەیان دەکات بۆ هەڵسەنگاندن  و کۆمەڵێک لە دەستوپێوەندەکانی حیزبی بەعسی لەگەڵ دەبێت، کە دەچنە ژوورەکەی دەبینن وێنەی دیکتاتۆر سەدامی هەڵنەواسیوە، ئەمە بۆیان دەبێت بە بەهانە و لە بەڕێوەبەریەتیی کشتوکاڵی سلێمانی لای دەبەن و تەنها وەک پسپۆڕی کشتوکاڵ دەیهێڵنەوە و پاشان واز لە کار دەهێنێت و بە هۆی یاسای (تفرغ زراعی) واز لە فەرمانبەری دێنێت و کاری سەربەخۆ دەکات بە کردنەوەی (دواجن) کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر. ڕۆژگار دێت و دەڕوات باری ڕامیاری کوردستان ڕۆژبەڕۆژ بەرو خراپتر و ئاستەنگی زیاتر دەچێت و منداڵەکانی گەورە تر دەبن و  ڕێبازی خۆیان دەگرنەبەر و دەکەونە ناو کورەی سیاستەوە و دەچنە ناو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە، میران تووشی گرتن و لێپێچینەوە دەبێ و لە لایەن ئەمنی بەعسەوە ماوەیەک دەگیرێت، لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا دەیهێڵنەوە، پاشان بە بڕیارێکی قەرەقوشانە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆدەردەچێت. ئەم حاڵەتە بۆ کاک ئازاد و خانەوادەکەی دەبێتە هۆی گوزەرانێکی تاڵ و ناهەموار، بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 پێش ئەنجامدانی بڕیارەکە، ئەمنەسوورەکە دەکەوێتە بە شاڵاوی چەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و میرانیش وەک دەیان بەندکراوی دیکە ئازاد دەکرێت و لەو بڕیارە دەرباز دەبێت.
* دوای ڕاپەڕین و کۆڕەو کاک ئازاد بە هەموو توانایەکییەوە خۆی تەرخان کرد بۆ هاوکاری هەموو ئەو کوردە لێ قەوماوانە بۆ گەیاندنی کۆمەک و یارمەتی لە نێوەندی ڕێکخراوە مرۆیەکان و فریاگوزارییەکان، لە ڕێگەی ڕێکخراوی (مانگی سوور)، هەموو توانایەکی خستەگەڕ، تاکو ساڵی 1994 – 1995 بڕیاری هاتنە دەرەوەی دا لە هوڵەندە لە شاری دێڵفت لەگەڵ خزم و دۆست و هاوڕێیانی ڕۆژانە ژیانی دەگوزەراند. ساڵانێکی زۆر لێرە مایەوە، ئەو ساڵانە بڕیاری پێدانی پەنابەری زۆر سەخت

**بوو ئەویش لەوە زیاتر نەیدەتوانی بمێنێتەوە، پاش ڕوخانی سەدام لە ساڵی 2003 بە یەکجاری گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەوێ هەموو لایەنەکان کەم تا زۆرێک پێشنیاریان بۆ کرد و پەیوەندیان پێوەکرد، تا کارێکی بۆ بکەن و بیگێڕنەوە سەر فەرمانبەرییەکەی و پلە و پایەی بەرزیان بۆ پێشنیار دەکرد، بەڵام لای کاک ئازاد ژیان بە ئازادی مانایەکی گەشتر و جوانتری هەبوو، تەنانەت وەک ڕاوێژکار دامەزرێنرا لە ئەنجومەنی وەزیران بە موچەی 2 هەزار دۆلار، بەڵام ئەم وەک کاک ئازاد خۆی نەچووە ژێر باری ئەو ئەرکە و نەیتوانی قایل بێت پێی، چونکە هەستی دەکرد، بۆ ئەو بڕە پارەیە کاری دڵخوازی خۆی بۆ ناکرێت، ئەوە وەک یارمەتییەکە نەک بەرانبەر بە کارکردنێک، بۆیە هەر زوو وازی لێهێنا و دەستبەرداری بوو(شکۆمەندی کاک ئازاد ئاوا بوو). بە پارە و مووچە ناخەمڵێنرێت.**



*** کاک ئازاد بۆ گوزەرانی ژیانی خۆی دەستی کردەوە بە کاری سەربەخۆ، خۆی بە هیچ لایەنێکەوە نەبەستەوە. بە داخەوە تەندروستی خراپ، تەنگی پێ هەڵچنی و ڕۆژ بەڕۆژ دیاردەکانی دەردەکەوتن، ماوەیەکی زۆر لە جگەرەکێشان دوورکەوتەوە، بەڵام وادیار بوو، کار لەکار ترازابوو، تووشی دەردێکی بێچارە ببوو، هەرلەسەرەتاوە خۆی دەیزانی، بەڵام لەبەر دڵنەوایی کەسوکار و هاوڕێیان و دۆستانی، نەیدەدرکاند و دانی پێدا نەدەنا، کە لێیان دەپرسییەوە ئەو دڵنەوایی دەکردن و دەیگووت هیچ نییە و تەمەنە و دەبێت تێپەڕێت دڵتان هیچ نەکات و مەکەونە مەراقەوە.. ئیتر ژیان وایە و بەردەوام دەبێت، تا ئەو ڕۆژەی بۆ چارەسەر بردیان بۆ تورکیا پاشماوەیەک مانەوەی لە نەخۆشخانە ئیزنیان دا و ئەو هەواڵە دڵتەزێنەیان بە هەموو کەسوکار و هاوڕێیان و دۆستانی گەیاند، کە لە ڕۆژێ 01-01-2010 ماڵئاویی یەکجارەکی لێکردین. ئەمڕۆش لە چلەی کاک ئازادی ڕەحمەتیدا، زۆربەی کەسوکارو هاوڕێیان و ئازیزانی لێرە کۆبوینەتەوە، جارێکی تر بۆ باسکردنی یادگارییەکانی و خەمڕەوێنی و ڕێزلێنانی و دەمانەوێت پێی بڵێین هەردەم لە یادمان داییت و هەمیشە لەناوماندا جێگەی شیاوی خۆت دیاردەبێت، کەسانی وەک کاک ئازاد بە جەستە دەڕۆن بەڵام بە گیان هەمیشە لە ناوماندان و دەماندوێنن، بە بیرو هزر هەمیشە دەژین.**

*** پاشان بەڕێزان دکتۆر خەسرەو شاڵی و دکتۆر جەمیل شەرەف و مامۆستا صاڵح محەمەد ئەمین و بێگەرد عیرفان کۆمەڵێک یادەوری خۆیان لەگەڵ خوالێخۆش بوو گێڕایەوە، کە جگە لەوەی کاک ئازاد صائیب کەسایەتییەکی ڕوناکبیر و خۆشەویست و عیزەتی نەفسی بەرز بووە، لە هەمان کاتدا کتێبناس و خوێنەرێکی باش و وەرزشوانێکی دێرین و مۆسیقارێکی بەسەلیقە بووە، تەنانەت لە خوێندنەوەدا توانیوێتی ڕێنمایی هاوڕێکانی بکات لە هەڵبژاردنی کتێبی بەکەڵک و ناسینەوە و جیاکردنەوەی نوسەری باش لە نوسەرانی دیکە، لە کۆتایی کۆڕەکەدا کاک شێرکۆ عیرفان پاش گێڕانەوەی چەردەیەک لە یادەوەریەکانی منداڵی خۆی دەربارەی خوالێخۆش بوو، بە ناوی خانەوادەی کۆچکردووەوە، سوپاسی ماتەمگێڕانی کرد و ئامادەبوونی هاوڕێکانی لەم مەراسیمەدا بە شادکردنی گیانی پیرۆزی کاک ئازاد زانی.**